# چەمكی دیموكراسی لەنێوان لیبرالیو ماركسیدا

ن: خالید كازم ئەبودوح   و: دلێر محەمەد شەریف

بەدرێژایی سەدەی بیستەم ململانێكان لەنێوان لایەنگرانی هەریەك لە تەوژمی لیبرالیو تەوژمی ماركسی دا بەردەوام بوو. ئەمەش لەپێناو ئەوەی لایەنگرانی هەر تەوژمێك، توانای تیۆری خۆی بسەلمێنیو وای نیشان بدات كە ئەوە بنەمای سیستەمی ئابووریو سیاسی كۆمەڵایەتییە دەتوانێ لەو چوارچێوەیەدا بەختیاری بۆ مرۆڤ بنیاد بنێو رزگاریان بكات لەو خەمبارەیەی كە لەژیانیاندا دووچاری دەبنەوە، چەمكی دیموكراتیش لەم ململانێیەدا دوور نەبووە، لەنێوان لایەنگرانی هەردوو تەوژمەدا، هەر بۆیە لێكۆڵەر ناچار دەبێت روانگەی هەریەكەیان بۆ دیموكراسی بخاتە روو.

**1 -دیموكراسیو رەوتی لیبرالی:**

هیچ هەوڵدانێك شیكاری بۆ هیچ چەمكێكی سیاسی نییە، لەزانستی سیاسی گشتی یان زانستی كۆمەڵناسی سیاسی، كە خاڵی بێت لە هێماكردن بۆ لیبرالیەت. Liberalism، لەبەرئەوە خۆی ئایدیۆلۆژیای بالادەست بووە لەكۆمەڵگاكانی كەناوەندی سەرمایەدارین. لەگەڵ ئەوەی لەزۆربەی دەوڵەتانی جیهاندا بەئایدیۆلۆژیای نموونەیی دانراوە بۆ هەر سیستەمێك(1).

لەچوارچێوەی ئەم تەوژمەدا، لایەنگرانی دیموكراسی لیبرالی (⋆) Liberal Democracy كە بە بنەمای فەلسەفەی دیموكراسی رۆژئاوا دادەنرێتو هاوسەرگیریی نێوان دوو فەلسەفەی جیاوازن ، لەرووی مێژووییەوە لە دۆخێكی هاوشێوەدا خولقاوە، بەلام هەریەكەیان ناوەرۆكێكی تایبەت بەخۆیا هەیە، لەئەنجامی ئەمەدا ئەو پرۆسە هاوسەرگیرییە گرفتو ناكۆكی خۆی هەبوو، ئەم دوو فەلسەفەیەش دیموكراسیو لیبرالی بوون (2).

لیبرالیەت بەو پێیەی زاراوەیەكی سەرەكییە لەفكری سیاسیدا، زیاتر لەیەك مانا لەخۆی دەگرێت، بەلام بەهەر شێوەیەك هەموو ئەو مانایانە دوور ناكەونەوە لەسەرچاوەی بنەڕەتی زاراوەی وشە لاتینییەكە Liber واتا رزگاری خوازی، بەشێوەیەكی گشتی دەربڕی ئەو روانگەیەی ئەوانەیە كە بەدوی پلەیەكی زیاتری رزگاری خوازیدا دەگەڕێن (3).

ریشەی فكری لیبرالی لەنێو نوسینەكانی فەیلەسوفو بیرمەندا دەركەوت بەتایبەتی لەسەدەی حەڤدەهەمدا لەئینگلتەراو فەرەنسادا.

هەروەها گرنگترین پراکتیزەکان لەئینگلتەرا بوو لەسالانی سەدەی نۆزدەهەمدا، لێرەدا بەسوودە پەنجە بۆ سەردەمی زێرینی فکری لیبرالی درێژ بکەین لە پراکتیزە کردنیدا لەسالانی سەدەی نۆزدەهەمدا، کە بوژانەوەی شۆڕشی پیشەسازیو گەشەکردنی لەگەڵ خۆی هێنا لەئینگلتەرا، یان وەك ناسراوە بەناوی سیستەمی سەرمایەداری. (4)

لیبرالیەت دەربڕی ئەو روانگەیەیە کە تاکەکەس لەشوێنی رەهای بالاتر لەکۆمەڵ دادەنێو، پێشینەیی بەبەرژەوەندی تاکە کەسی بەسەر بەرژەوەندی کۆمەلایەتی دادەدات، کە بڕوایەکی رەهای بەئازادییەکانی تاکەکەس هەیە: ئازادی کارو، ئازادی مولکایەتیو، ئازادی گرێبەستو ئازادی بازرگانیو ئازادی بیرو بڕواو بیرکردنەوەو ئازادی دەربڕینو ئەو ئازادیانەی گەر هەبوون تاکەکەس دەیتوانی قەبارەی سوودە کەسییەکانی گەورە بکات، هەر بۆیە زۆرجار زاراوەی روانگەی تاکەکەسی ( المذهب الفردي Indvid u alism ) وەك ئەلتەرناتیڤێك بۆ زاراوەی لیبرالی بەکاردێ (5) لایەنگرانی روانگەی لیبرالی پێیان وایە، بەرژەوەندی کۆمەڵگە لەوە زیاتر نییە کە کۆکراوەی ژمێریارییە بۆ بەرژەوەندییەکانی تاکەکەس، لێرەوە گەر هەر کەسێك توانی بەرژەوەندییە کەسییەکانی بەدی بهێنێ، بەبێ ئەوەی بزانێ بەرژەوەندی کۆمەڵ بەدی دەهێنێو لەرێگەی ئەم رێککەوتنەی نێوان بەرژەوەندی تاکەکەسو بەرژەوەندی کۆمەڵ، لیبرالیەت هەر لەبەرەبەیانی دەرکەوتنیەوە (بەشێوەیەکی گشتی) دژی دەست وەردانی حکومەت لە چالاکی ئابووریو کۆمەلایەتی وەستایەوەو داوای کرد کە حکومەت تەنیا پاسەوانێك بێت بۆ ئازادییەکانی تاکەکەس بوو بە بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێك لەسەری (6).

**کۆمەڵگای لیبرالی لەسەر پێشهاتە ماددییەکان دروست نەبووە کە بوار بدات بەزامن بوونی ئازادیو مافەکانی تاکەکەس کە بۆ ئەو بڕیار دراوە، هەموو ئازادییەك لەئازادییەکان دوو لایەن لە خۆ دەگرێت ( لایەنی ماف) کە یاسا دەقی لەبارەوە دەدات و ( لایەنی توانا ) کە دۆخە کۆمەلایەتییەکان شێوازی دابەش بوونی داهات لەکۆمەڵگەدا ئامادەی دەکات**

پێکەوە بەستراوی نێوان دیموکراسیو لیبرالی، لەریزی پێشەوە پێکەوە بەستراوەیەکی ئایدیۆلۆژییە، بەوەی کە یەکەم جار لیبرالیەت خولقاوەو پاشان بەدیموکراسی کراوە، پاش فراوان بوونی مافو ئازادییەکانی کە داکۆکی لێ دەکرد.(7)

لەوکاتەوە ئەو پێکەوەگرێ دراویەی نێوان دیموکراسیو لیبرالی هات، وەك سیستەمێکی سیاسی کە لەو بنەمایەوە سیستەمەکانی دەسەلات لەئەوروپای رۆژئاواو ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵسان پاشان بەهەموو جیهاندا بلاوبۆیەوە، بەتایبەتی پاش رووخانو دارمانی یەکێتی سۆڤیەتو ئیتر دیموکراسی لیبرالی بووە بەشێك لەو رۆشنبیرییەی کە بەستراوەتەوە بەو ئالوگۆڕە سیاسیانەی کە جیهانی هاوچەرخمان دەیبینێ (8).

سەرچاوە سەرەکییەکانی دیموکراسی لیبرالی لەهەریەك لەمانەدا خۆی دەنوێنێ:

أ-رەوتی ئابووری لیبرالی.

ب-رەوتی سیاسی لیبرالی.

ج-قوتابخانەی سوودمەندی. utilitarianism

رەوتی ئابووری لیبرالی لەسەر ئەو بیرۆکە بنەڕەتییە دەوەستێ کە ئازادی ئابوورییە بەمانای دەستوەرنەدانی دەوڵەت لەچالاکییەکانی ئابووری،

یان ئەو دەستوەردانە لەتەسك ترین سووردا چڕ بکرێتەوەو کاریگەری خاوەن ڕوانگەی سروشتی ڕوون لە هزری ئەو ئاراستەیەدا، کە فەلسەفەکەی (ئارلستەی سروشتی) لەدروشمی (لێگەڕێ با کاربکات لێ گەڕێ با بڕوات)دا کورت دەبێتەوە (9).

بەلاَم ڕەوتی سیاسی لیبڕاڵی بەشێوەیەکی تایبەت بۆ هزری (جۆن لۆك – John locke ) دەگەڕێتەوە کە (مارك گۆڵوی – mark Goli ) لەبارەیەوە دەیڵێ کە نێوەندی یەکەمی لیبراڵی سیاسییە political liberalism ، لەرێگەی خستنەرووی وتەکانی لەسەر یلساکانی سروشت، کە یاساگەلێکی رەهان و لەبنەڕەتدا مافە سروشتییەکانی تاکەکەس دەگرنە خۆ، لەگەڵ ئەو تێڕوانینە گرنگانەی کە دەبڕن بۆ قولاَیی بڕوابوونی ڕاستگۆیانەی بەئازادیو مافە مرۆڤایەتییەکانو کەرامەتی مرۆڤ هەروەها (لوك) پێکەوە گرێدانێك دروست دەکات لەنێوان رەوا بوونی ڕێزگرتنی دەوڵەتو ملکەچ بوون بۆیو لەنێوان رادەی پارێزگاری کردن لە مافە سروشتییەکانی تاکەکەس (10).

بەلاَم قوتابخانەی سوودمەندی کە (بنتام – Bantham / 1748 – 1832 ) دایمەزراند ئەویش یەکێك بوو لەسەرچاوە گرنگەکانی کە کاریگەر بوو لەسەر فکری دیموکراسی لیبراڵی، ئەم قوتابخانەیە یلساو دەوڵەتو ئازادی لەسەر بنەمای سوودمەندیی چەسپاند، بەمانای ئەوەی کە بنەمای ژیان لەسەر دوو چەمکە (ئازارو چێژ)، کە تەنیا هەردووکیان کردارەکان دیاری دەکەن، کە پێویستە وریا بین لەئەنجامدانیان. (بنتام) داوای کرد بوار بدرێت بەهەرکەسێك ئازادبێت لەبڕیاردانی بەرژەوەندییەکانی بەهاندەری خۆپەرستیو بەمەبەستی چێژوەرگرتن بێ ترس لەزیان گەیاندن بەکۆمەڵ لەئەنجامی ئەو ڕێرەوە، بەهۆی بوونی گونجانێکی تلقائی کە دەبێتە هۆی هێنانەدی ژیانێکی کۆمەلاَیەتی بەختیارتر، ئەم قوتابخانەیەی سوودمەندی سەرچاوەیەکی گرنگ بوو کە دیموکراسی لیبراڵی هزری لێ وەرگرتن لەسەر ئازادی بەهەردوو باڵی سیلسیو کۆمەلاَیەتی. (11)

بەگولستنەوە لەرەگو لقەکانی فکری دیموکراسی لیبراڵی، بۆ ئاستی پراکتیزەکردن، تێبینی دەکرێت کە سیستەمەکانی دیموکراسی لەسەر چەند بنەمایەك وەستان کە بریتین لە (12):

یەکەم : فرەیی سیاسی political pluralism ، کە بریتییە لە فرەیی حزبی سیاسیو دەستاودەستی دەسەلاَت لەنێوانیاندا، پاشان توانای گۆڕانی ئاشتی خوازانە.

دووەم: بڕیاری سیاسی politial Decision ، کە بەرهەمی ئەو کارلێککردنەیە لەنێوان هەریەك لەهێزە سیاسییەکانو پاشان گەیشتن بەچارەسەرێکی مام ناوەندی لەرێگەی سازش کردنەوە.

سێیەم: ڕێزگرتنی پرەنسیپی زۆرینە وەك شێوازێکە بۆ وەرگرتنی بڕیارەکانو یەکلاکردنەوە لەنێوان تێڕوانینە جیاوازەکان.

چوارەم : یەکسانی سیاسی equality political، کەسەکان لەمافو ئەرکە سیاسییەکان.

پێنجەم: چەمکی دەوڵەتی یاسا، کە گرنگترین توخمەکانی: بوونی دەستور، لێك جیاکردنەوەی دەسەلاَتەکان، ملکەچ بوونی دەسەلاَتداران بۆ یاسا، جیاکردنەوەی دەوڵەت لەکەسی دەسەلاَتدارەکانی پلەبەندی بنەما یاساییەکانو بڕیاردانی مافە کەسییەکانی هاولاَتیو ڕێکخستنی چاودێری یلساییو دادوەری لەسەر دەستەکانی خاوەن دەسەلاَت.

هەرچەندە دیموکراسی لیبراڵی ڕووبەڕووی رەخنەگەلێکی گرنگ بوویەوە لەسەر هەردوو ئاستی تیۆریو زانستی. بەوەی گریمانەکردنی کە کۆمەڵگەی لیبراڵی توانای گەورەکردنی سوود کەسەکانی هەبێت، بووە جێگای گومان بەو

مانایەی کە ئەم زیادبوونە لەسەر شێوازی دابەشبوونی داهات لەکۆمەڵگەدا، کە کاریگەری دەبێت لەسەریەکسانی بوامرکان لەنێوان کەسەکان و بازاڕ، ئەو سوودانە دابەش دەکات بەپێی توانای تاکەکەس و قەبارەی ئەو دەسەڵاتەی کە هەیەتی بەسەر داهاتەکاندا، نەك بەپێی کار یان پێویستی یەکانی، بەپاڵپشتی ئەو پلشەکشە تەدریجیەی کێ برکێی ئازاد لەبازاڕەکاندا.

بەواتایەکی تر کۆمەڵگای لیبراڵی لەسەر پێشهاتە ملدیەکان دروست نەبووە کە بوار بدات بەزامن بوونی ئازادی و مافەکانی تاکەکەس کە بۆ ئەو بڕیار دراوە، هەموو ئازادییەك لەئازادییەکان دوو لایەن لەخۆ دەگرێت (لایەنی ماف) کە یاسا دەقی لەبارەوە دەدات و (لایەنی توانا) کە دۆخە کۆمەڵایەتییەکان شێوازی دابەش بوونی داهات لەکۆمەڵگەدا ئامادەی دەکات، چەند لەو ئازادیانە دەقی لەبارەوە هاتووە، بەڵام توانا پێویستییەکان بۆ پیادەکردنی هەر وابەستەی توێژێکی دیاری کراوی هاوڵاتیان بوونە پلشتر جیاوازییەك لەنێوان ئازادییەکان کە دیموکرلسی لیبراڵی داکۆکی لێ دەکات و ئەو تواناییانە سەری هەڵداوە کە شێوازی دابەش بوونی داهات بەدەستی دەهێنێ لەسیستەمی سەرمایەداریدا. (13)

هەروەها دەستنیشان کردنی چەمکی ئازادی جێگای گومانە، (هەر بەرت مارگیز – Herbert marcse) قسەی لەسەر پڕۆسەی بەرتەسك کردنەوەی جیهانی سیاسی مرۆڤ کردووە، بەو سنووربەندکردنە بۆ سنووری دەستنیشانکردن و گفتوگۆکردنەی کە لەخۆی دەگرێ، ئەمەش لەرێگەی کەرەستەکانی راگەیاندنی نوێوەو رۆڵی لەکاریگەری لەسەر میزاجی خەڵك و دەستنیشان کردنەکانیان و لەسروشتی ئەو مەسەلانەی کە بۆ گفتوگۆی سیلسی و دابەزینی رادەی بەشداری سیاسی لەکۆمەڵگادا خراونەتە روو (14).

لەسەدەی نۆزدەهەمدا ( مۆسکا – mosco ) و ( پارتیو – pareto ) ★ قسەیان لەسەر نابەرابەری لەلێهاتوویی و شارەزایی و توانای مرۆڤایەتییەکان کردووە، کە بنەمای کۆمەڵایەتی بۆ نایەکسانی سیلسی دەنوێنێ، لێرەوە (پاریتۆ) بلسی لەدیموکراسی دەکات بەوەی کە شوێنێکە بۆ پەخش کردنی لاوازەکان، هەروەها (میشیلز – R.Micnels ) ناوی ناوە بەیاسایەکی تیژی ئۆلیگارشی Iron law of oligarchy پاش لێکۆڵینەوەی لەژمارەیەك لە حزبەکان لەئەڵمانیادا پێش جەنگی جیهانی یەکەم، گەیشتە ئەوەی کە ئاراستەیەکی گشتی هەیە لەحزبەکانداو، لەهەموو رێکخستنە گەورەکانی وەك سەندیکاکان، بۆ گەشەکردنی دەزگای بەڕێوەبردن کە دەگۆڕی بۆ نەمانی دیموکراسی رلستەقینە لەناوخۆیدا. (15)

## 2 -دیموکراسی و رەوتی مارکسی:

لێکۆڵەرەوە دووچاری چەمکی دیموکرلسی دەبێتەوە لەبەر رۆشنایی فکری مارکسی، ئەمەش لەو پێودانەگەوە کە دیموکراسی نەوەی یان بەرهەمی کۆمەڵگا یان ئایدیولۆژیایەکی دیاری کراو نییە، بەڵکو مێژوویەکی بەیەکەوە بەستراوی کەڵەکەبووی ئەزموونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییە.

بێ شك ئەم کەڵەکە بوونە هەمیشە رووەو فراوان بونێکی شێوەیی زیادترو قوڵایی ناواخنی چەمکی دیموکراسی دەچێت. لەگەڵ ئەوەی کە گرنگی تێڕوانینەکانی کارل مارکس / 1818 – 1883 لەزانستی کۆمەڵناسی سیاسی لەوەدا چڕ نابێتەوە کە چەپکێك لەچەمك و کەرەستەی تێڕوانین و لێکدانەوە تیورییەکانی کە خۆی لەدەوڵەمەندی و قوڵاییەکی رووندا بدینێتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە نوسینەکانی بەردەوام رۆڵێکی گرنگی لەژیانی سیاسی ژمارەیەکی گەورە لەوڵاتانی جیهاندا گیرا. (16)

لەسەرتادا خستنەروویەکی کورت بۆ گرنگترین وتەکانی مارکس پێشکەش دەکەین، پاشان راستەوخۆ رووەو شیکردنەوەی روانگەی مارکس بۆ چەمکی دیموکراسی دەچین، بەلام زەحمەتە ئەو روانگەیە نیشان بدەین بێ دەرك پێ کردنی لە سیاقی گشتی فکری مارکسی دا.

ناوەرۆکی فکری مارکسی لەم سێ تیۆرەدا چڕدەبێتەوە: (17)

1-**تیۆری مەترالیزمی دیالکتیك**.

2-**تیۆری مەتریالیزمی مێژوویی**.

3-**تیۆری ئابووری سیاسی**.

بابەتی سەرەکی مەتریالیزمی دیالکتیك Dialecticat Moterialism، مەسەلەیەکی فەلسەفیە کە بەدەوری پەیوەندی هۆشیاری بەبوونەوە دەسوڕێتەوە، هەڵوێستی فەلسەفەی مارکس لەم مەسەلەیەدا ئەوە دەسەلمێنێ کە ماددەو بوون بنەمای هۆش و بیرن، بوون یەکەمەو، هۆشیش لاوەکیە، ئەوەش دووپاتی بنەمای ماددی بۆ جیهان و توانای تێگەیشتن و زانینیەتێتی، هەروەها ئەم جیهانە ماددیە وا دەخوێنێتەوە کە لەحاڵەتێکی جوڵەو پەرەسەندنی بەردەوامدایە، لەسەر بنەمای دیالێکتیکی، مەتریالیزمی دیالیکتیك زۆرتر نیە ئەو یاسایانە دەدۆزێتەوە کە حوکمی پەرەسەندنی جیهانی ماددی بەگشتی دەکەن، واتە ئەو یاسایانەی کە حوکمی هەموو بوارەکانی واقیع دەکەن. هەموو بابەتە زیندو نازیندەکان و هەروەها دیاردەکانی ژیانی کۆمەلایەتی و هۆشیاریش لەسەر بنەمای یاسا سەرەکییەکانی دیالیکتیك و ململانێی دژەکان و یاسای گۆڕانی چەندایەتی و یاسای نەفی گەشە دەکات، هەروەها مەتریالیزمی دیالیکیتیك لێکدانەوە بۆ ئەو یاسایە دەکات کە حوکمی زانین دەکات بەو پێیەی پرۆسەیەکە کە رەنگدانەوەی یاساکانی جیهان بابەتییە. (18)

بەلام مەتریالیزمی دیالیکتیکی مێژوویی Historlad Materlaism هەوڵ دەدات وەلامی ئەم پرسیارە بداتەوە: چی دەستنیشانی رەوتی مێژوو دەکات، ئایا ملکەچ دەبێت بۆ یاسا بابەتییە پێویستەکان یان لەدروستکەری رێکەوتێکی کوێرانەیە؟.

کەواتە مەتریالیزمی مێژوویی لێکۆڵینەوە لەکۆمەلگا دەکات لەرێگەی ئەو گۆڕانکارییە مێژووییەکانەوە دەروانێتە کۆمەلگا، روانینێك زیندوانە کە لەحاڵەتێکی پەرەسەندنی هەمیشەیی دایە، کەسەکان لەناو خۆیاندا پێکەوە دەبەستێتەوە بەپێگەوە گرێدانێکی ئابووری و سیاسی و رۆشنبیری هەمە چەشنە، لەنێو ئەم گرێدانەدا مارکسیەت بەپێکەوە بەستراێکی ماددیانە دەردەکەوێ بۆ بەرهەم، لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا بەهۆکارگەلێکی یەکلاکەرەوەی دادەنێ، کە رۆڵێکی ئاراستەکەرو دیاری کراو بۆ پێکەوە گرێدانەکانی تر دەگێڕێ. (19)

بەلام ئابووری سیاسی، هەوڵ دەدات بگەرێ بەدوای پەرەسەندنەکانی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی بەرهەم هێنان و لێکدانەوەی ئەو یاسایانەی کە حوکمی بەرهەم دەکەن، هەروەها لەدابەشکردنی دەرامەتە ماددییەکان لەکۆمەلگای مرۆڤایەتیدا لەرێگەی قۆناغە جۆر بەجۆرەکانی پەرەسەندنەکانی. (20)

لەبەر رۆشنایی وتە تیۆرییەکانی پێشان مارکس ناوەرۆکی چینایەتی دیموکراسی بورژوایی و سنوورو کەم و کورییەکانی بەگوێرەی جەماوەری زەحمەتکێش روون کردۆتەوە، مارکس ئەم دیموکراسیەی بە ساختە دانەناوە، بەلکو بەراستییەکی دروستو گرنگی داناوە لەگەڵ کەموکرییەکانیدا، هەروەها بەپێشکەوتنێکی گرنگی داناوە لە مێژووی مرۆڤایەتی کە بەراورد ناکرێت لەگەڵ دوا کەوتوویی سیستەمی ئیستبدادیەتی پێشوو. هەر بۆیە پێم وایە تێزی مارکس بەوەی کە سیستەمی سوسیالیستی لەپراکتیزەکردندا ئینکاری مافە شکلیەکان ناکات، بەلکو رێزی دەگرێ و پەرەی پێدەداتو ناوەرۆکێکی قولترو

فراوانتری دەداتێ. لەرێگەلادانی موڵکایەتی کردنی تایبەت بۆ هۆیەکانی بەرهەم هێنان(*) Means of production ، ئەمەش هۆکاری بەتاڵ بوونی دیموکراسییە لە ناوەڕۆکەکەی بەگوێرەی جەماوەری زەحمەتکێش. (21)

لێرەوە مارکسیەت ئەوە دووپات دەکاتەوە کە سۆسیالیستی گرنگو پێویستە بۆ دیموکراسی، لەبەر ئەوەی دیموکراسی ئەمەی پێویست ترە زیاتر لە پێویست بوونی بەو داواکردنە گرنگەی یەکسانیە، چونکە ئەو یەکسانیە بەشێوەیەکی گونجاو بەدی نایەت ئەگەر لەرێگەی سوسیالیستیەوە نەبێت. (22)

گواستنەوە لەکۆمەڵگای سەرمایەدارییەوە بۆ قۆناغی سوسیالیستی پێویستە پرولیتاریا بەو پەیامە هەڵسێ کە لەوەدا چڕ دەبێتەوە: کە لەرووی مێژووییەوە داواکراوە بەرووداني گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ژیانی جیهاندا، لەرێگەی شۆڕشکردن بەسەر دەوڵەتدا، کە مارکسیەکان وای لێ دەڕوانن کە دەزگایەکی سەرکوت کەری چینایەتییەو ئەو شۆڕشە دەبێتە هۆی گۆڕانی دەوڵەت لەدەوڵەتی بورژواوە بۆ دەوڵەتی پرۆلیتاری کە قۆناغێکە مارکسیەت بە (قۆناغی دکتاتۆری پرۆلیتاریا) دەیناسێو کە مارکسو ئەنگلز مەبەستیان شێوازێکی دەوڵەتە لە جۆرێکی نوێ کە لەریشەوە جیاوازە لەهەموو جۆرەکانی تری پێشانی دەوڵەت، کە جۆرێکە چەندین تایبەتمەندیو سیمای گرنگ لەخۆ دەگرێت کە گرنگترینیان ئەمانەن:

1- لەسەرەوەی کۆمەڵگای نوێ دامەزراوەیەکی هەڵبژێردراو هەیە لەرێگەی دەنگدانی گشتییەوە، کە بەئەرکی یاسادانانو جێ بەجێ کردن پێکەوە هەڵسێ.

2 دەسەڵاتی سەرکوتکەری حکومەتو سوپاو بیروکراسیەتی ناوەندی نەهێڵێ.

3- ئەرکی سیاسی لەپۆلیسی سیلسی دامالێ.

4- نوێنەرو فەرمانبەران لەهەموو لقەکانی بەڕێوەبردن موچەیەك وەردەگرن کە زیاتر نەبێت لە کرێی کرێکار.

5- ئامانجی دکتاتۆریەت گۆڕینی دەزگای دەوڵەتە بۆ خزمەتکاری کۆمەڵگە.

لەڕوانگەی مارکسیەتەوە دکتاتۆری پرۆلیتاری دەتوانێ دیموکراسی پرۆلیتاری بەدی بهێنێ، کە ئەوەی دواییان مەبەست ئەو شێوازە نوێیەیەو شێوازێکی بالاترە لەدیموکراسی بۆرژوادا، بەهۆی ئەم دیموکراسییەوە کرێکاران بەشداری بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی دەکەنو مەرجی گونجاو دەخولقێنن بۆ پەرەپێدانێکی کاریگەری ئابووری و سیاسی بۆ جەماوەر، بەئاراستەی بنیادنانی سۆسیالیستی. (24)

مەبەست لەدکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاش، مەحمود ئەمین عالم ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە هەموو دیموکراسیەك دکتاتۆریەتەو هەموو دکتاتۆریەتێکیش دیموکراسییە، دیموکراسی بۆ توێژێك یان توێژە کۆمەڵایەتیەکانە. دکتاتۆریە بۆ توێژێك یان توێژە کۆمەڵایەتییەکانی ترە.

لێرەوە دکتاتۆری دیموکراسی لەناوەڕۆکە تیۆرییەکەیدا دیموکراسی زۆرینەیە، دیموکراسی بۆرژواش دکتاتۆریەتی کەمینەیە. (25)

**2- گرنگترین ئەوبنەمایانەی کە دیموکراسی پرۆلیتاری تیایدا چڕدەبێتەوەئەمانەن:** (26)

1- نەهێشتنی هەموو ئەو کۆتانەی کە پشتی دەبەست بەئیمتیازاتی ئیتنیو نەتەوەییو ئایینی و رەگەزو خوێندن .

2- نەوەستان تەنیا لەسەر زامنکردنی مافە دیموکراسییەکانی وەك ئازادی رۆژنامەگەریو رێکخراوەکانو بەڵکو خولقاندنی ئەو مەرجانەی کە یارمەتی دەرن بۆ کرێکاران لەو مافانە.

3- کورت نەکردنەوەی بەشداری سیاسی لە (مافی هەڵبژاردن)دا هەروەك ئەوەی کە لەدیموکراسی بورژوادا هەیە، بەڵکو بواردانی زیاتر بەچینە فراوانەکانی کۆمەڵگا بەبەشداری رۆژانەیان لەکاروباری گشتیدا، جا بەشێوازی راستەوخۆ بێت

یان ناراستەوخۆ، لەرێگەی لیژنەکان یان رێکخراوە کۆمەلآیەتییەکان.

4 فراوان کردنی سنووری دیموکراسی تاکو بوارەکانی ئابووری و رشنبیری و مافە کۆمەلآیەتییەکانیش بکرێتەوە، نەك تەنیا لەسنووری سیلسەتدا کورت بکرێتەوە، هەروەك ئەوەی لەدیموکراسی بورژوادا هەیە، چونکە زامنکردنی هۆیەکانی بەرهەم هێنان و گواستنەوەی دامەزراوە رۆشنبیری و پەروەردەیی و دەزگاکانی رۆژنامەگەری بۆ دەست گەل بەشێکن لەچەمکی دیموکراسی پرۆلیتاریا.

لەرووی تیۆرییەوە مارکسیەت تێڕوانینێك رەنگ دەداتەوە لەسەر دیموکراسی شایانی رێزگرتنە کە تیایدا هەموو زولملێکروان تیایدا رێگایەك دەدۆزێنەوە لەپێناو رزگاربوون لەشێوازەکانی ستەم کە دووچاریان دەبێتەوە، بەلآم پراکتیزەکردنی کردەیی ئەو تێڕوانینە تیۆرییە ئەنجامێکی جیاوازی بەدەستەوەدا. ئەمەش لەئەزموونی یەکێتی سۆڤیەتدا لەوەرگرتنی سۆسیالیستی و پراکتیزەکردنی و دانانی بەبلسترین شێوازی بەڕێوەبردنی سیتسەمە ناوخۆییە کۆمەلآیەتییەکاندا دووپات بۆیەوە. بەجۆرێك کە یەکێتی سۆڤیەت بیرو بڕواو پرەنسیپی سۆسیالیستی وەرگتبوو، نەیتوانی سەرکەوێ لەبەدیهێنانی شێوازێکی نوێ و سەرنج راکێشی دیموکراسیدا، کە پێشکەوتوو تر بێت لەدیموکراسی بورژوا. لەگەڵ سەرکەوتنیدا لە بەدی هێنانی چاکسازی قولی کۆمەلآیەتی کە هاوشێوەی نییە و لەگەڵ قەلآچۆکردنی موڵکایەتی تایبەت و لەگەڵ هێنانەدی بوژانەوەیەکی ئابووری بێ وێنە بەلآم لەواقیعدا پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی دیموکراسی وەك ئازادی را دەربڕین و ئازادی هەڵبژاردنی دەسەلآتداران و زۆری تر، لەئەزموونی یەکێتی سۆڤیەتدا ون بوون. لەجێگای دیموکراسی دکتاتۆریەتێك لەدەستی ئەوانەدا چڕ بۆیەوە کە دەسەلآتیان بەسەر تاکە حزب و دەسەلآتدا لەیەك کاتدا هەبوو. (27)

لەگەڵ ئەو سەرنەکەوتنە لەپراکتیزەکردنی فکری مارکسیدا کە لەئەزموونی یەکێتی سۆڤیەتدا رەنگی دایەوە، ناکرێت ئەو دەوڵەمەندکردنە بنەڕەتیانە فەرامۆش بکەین کە فکری مارکسی بۆ دیموکراسی خستیە روو، کە خۆی لەو بوارانەدا دەنوێنێ کە دیموکراسی بورژوا فەرامۆشی کردبوون. کە ئەوانەش بریتین لە: مافە کۆمەلآیەتی – ئابوورییەکان. لەگەڵ فکری مارسکدا مافە کۆمەلآیەتی و ئابوورییەکان بوونە ناوەڕۆکێکی نوێ لەپەرەسەندنی سیستەمی سیاسی نوێدا. لەگەڵ ئەوەدا دابەشبوونی دادپەروەرانەی دەسەلآت بوونە ئامانجێك کە بێ بڕیاردانی دابەش بوونی دادپەروەرانەی سامان لەتوانادا نەبێت. (28) بەمانای ئەوەی کە مارکسیەت تەرکیزی کردە سەر دیموکراسی کۆمەلآیەتی social Democracy کە ریزی پێشەوە بەمانای بەدی هێنانی دادپەروەری کۆمەلآیەتی دێت. (29)

**سەرچاوەکان**

1- Andrew Heywood,politics, macmilan press,London, 1997, p.42

*ژمارەیەك لێکۆڵینەوە هەن کە بەستنەوەی دیموکراسی بە هەر لایەنێکی تیۆری قبوڵ ناکەن. کە لەسەرەوەی ئەم ئاراستەیە (ماکیفیر) کە دەڵێت: ناوەڕۆکی دیموکراسی ئەوەیە کە بەهیچ رەوتو بەرنامەیەکەوە نەبەسترێتەوەو پێویستە دیموکراسی لەهەموو رەوتو ئایدیۆلۆژیایەك ئازاد بکرێت.

-ئادوارد م.بینز. (تیۆرە سیاسییەکان لەجیهانی هاوچەرخدا) وەرگێڕانی... عەبدولکەریم ئەحمەد. خانەی لوبنان –بیروك 1988 ص28.

2-علی دین هلال، چەمکەکانی دیموکراسی لەفکری سیاسییدا.

مراجع الدراسه:
1- Andrew Heywood, Politics, Macmillan press, London, 1997 p 42 .
*- هناك عدد من الباحثين يرفضون ربط الديمقراطية بأي اتجاه نظري ، وعلى رأس هذا التيار يأتي " ماكيفر " الذي يقول " من جوهر الديمقراطية ألا تكون مقيدة بأي مذهب أو برنامج ، ويجب تحرير الديمقراطية من الارتباط مع أي مذهب أو أيديولوجية " انظر في ذلك :
- ادوارد م . بيرنز ، النظريات السياسية في العالم المعاصر ، ترجمة عبد الكريم أحمددار لبنان، بيروت،1988، ص 28 .
2- علي الدين هلال ، مفاهيم الديمقراطية في الفكر السيلسي ، في أزمة الديمقراطية في الوطن العربي، ص 38 .
3- محمد على محمد ، أصول علم الاجتماع السياسي ، الجزء الأول الأسس النظرية والمنهجية ، دار المعرفة الجامعية ، الإسكندرية 1985 ، ص 151 .
4- السيد حنفي عوض ، المجتمع والسيلسة، ص 178 .
5- رمزي زكي ، الليبرالية الجديدة تقول : وداعاً للطبقة الوسطى ، عالم المعرفة ، المجلد الخامس والعشرون ، العدد الثاني ، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآدب ، الكويت ، أكتوبر 1996 ، ص 32 .
6- المرجع السابق، ص 32 .
7- ثناء فؤاد عبد الله ، الديمقراطية بين المفهوم والممارسة ، مجلة الديمقراطية ، العدد الخامس ، مركز الأهرام للدراسات السياسية والاستراتيجية ، القاهرة ، شتاء 2002 ، ص 195 .
8- علي الدين هلال ، أزمة الفكر الليبرالي في الوطن العربي ، عالم الفكر ، المجلد السادس والعشرون ، العددان الثالث والرابع ، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآدب ، الكويت ، يونيه 1998 ، ص 109 .
9- إكرام بدر الدين ، مفهوم الديمقراطية الليبرالية ، في التطور الديمقراطي في مصر ، تحرير علي الدين هلال ، نهضة الشرق ، القاهرة ، 1986 ، ص 190 .
10- Goldi , Locke .... Mark Political Essays , Cambridge ,University Press , Cambridge . p.p. 81 – 82, 1997
11- إكرام بدر الدين ، مفهوم الديمقراطية الليبرالية ، مرجع سابق ، ص 191 .
12- ثناء عبد الله ، الديمقراطية بين المفهوم والممارسة ، مرجع سابق ، ص 295 .
13- علي الدين هلال ، أزمة الفكر الليبرالي في الوطن العربي ، مرجع سابق ، ص 113 .
14- المرجع السابق ، ص 114 .
*- " باريتو " و " موسكا " و " ميشيلز " ، ترتبط أسماؤهم باتجاه نظري في علم الاجتماع السياسي عرف بلسم نظرية الصفوة Elite Theory ، ولقد كان أصحاب هذه النظرية لا يعادون الاشتراكية فحسب ولكن الديمقراطية الليبرالية أيضاً كما تعبر عنها أي حركة تحاول أن تمنح الجماهير دوراً مؤثراً في الحياة السياسية " لمزيد من التفاصيل حول نظرية الصفوة ، وأفكار " باريتو " ، انظر :
- علي ليلة ، النظرية الاجتماعية المعاصرة ، دار المعارف ، القاهرة ، 1991 ، ص ص 443-465 .
- إسماعيل علي سعد ، نظرية القوة –مبحث في علم الاجتماع السيلسي ، دار المعرفة الجامعية ، الإسكندرية ، 2000 ، ص ص 141 – 191 .
15- ثناء فؤاد عبد الله ، الديمقراطية بين المفهوم والممارسة ، مرجع سابق ، ص 296 .
16- محمد علي محمد ، أصول علم الاجتماع السيلسي ، مرجع سابق ، ص 193 .
17- إلياس فرح ، تطور الفكر الماركسي ، مرجع سابق ، ص 31 .
" هناك عدد من الباحثين في علم الاجتماع ،

يشيرون إلى أن الماركسية تتكون من شقين متكاملين هما : المادية الجدلية ، والمادية التاريخية فحسب " انظر في ذلك :

-سمير نعيم ، النظرية في علم الاجتماع ، دار المعارف ، القاهرة ، 1979 ، ص 152 .

-عبد البلسط عبد المعطي ، اتجاهات نظرية في علم الاجتماع ، عالم المعرفة ، العدد 44 ، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآدب ، الكويت ، أغسطس 1981 ، ص 100 .

18- سمير نعيم ، النظرية في علم الاجتماع ، مرجع سابق ، ص 152 . ولمزيد من التفاصيل حول المادية الجدلية ، انظر:

-إلياس فرح ، تطور الفكر الماركسي ، مرجع سابق ، ص ص 31 – 42 .

19- المرجع السابق ، ص 43 .

20- المرجع السابق ، ص 68 .

*-تتفق الرؤية المركسية المعادية للملكية الخاصة مع مقولة " روسو " Rousseau التي يؤكد فيها علي أن الملكية الخاصة والترف والإمعان في الشهوات ، هي سبب كل التعاسات المكدسة التي تقع علي رءوس ملايين الفقراء ، والتي يحتملها الشعب لما طال إيهامه أنها أصلح الأنظمة للوجود الاجتماعي " انظر في ذلك

-محمد حسنين هيكل ، جان جاك روسو ... حياته وكتبه ، دار المعارف ، القاهرة ، 1978 ، ص 10 .

21- سمير أمين ، أزمة المجتمع العربي ، دار المستقبل العربي ، القاهرة ، 1985 ، ص ص 142 – 143

22 – John E.Roemer , Future for socialism , Harvard university press, Cambridge 1994 , p. 109

*-تعني البروليتاريا عند " ماركس " الطبقة العاملة في ظل الرأسمالية ، وإليها ينسب الدور الرئيسي في إحداث التغير الثوري . انظر في ذلك :

-جوردون مارشال ، موسوعة علم الاجتماع ، ترجمة محمد الجوهري ، الجزء الأول ، المجلس الأعلى للثقافة ، 2000 ، ص 279 .

23- إلياس فرح ، تطور الفكر الماركسي ، مرجع سابق ، ص ص 96 – 107 .

24- المرجع السابق ، ص 110 .

25- محمود أمين العالم ، من نقد الحاضر إلى إبداع المستقبل ، مرجع سابق ، 256 .

26- إلياس فرح ، تطور الفكر الماركسي ، مرجع سابق ، ص 112 .

27- سمير أمين ، أزمة المجتمع العربي ، مرجع سابق ، ص 144 .

28- عبد الإله بلقريز ، نحن والنظام الديمقراطي ، المستقبل العربي ، العدد 236 ، مركز دراسات الوحدة العربية ، بيروت ، أكتوبر 1998 ، ص 76 .

29- السيد يسين ، العولمة والطريق الثالث ، مرجع سابق ، ص 146 .